# شەڕی قەفقاز و دەرهاویشتە دەرەکییەکانی

بریندا شیڤەر

ئەندامێکی دێرینە لە «سەنتەری وزەی جیهانی» لە «ئەنجومەنی ئەتڵانتیک» و مامۆستای یاریدەدەرە لە «ناوەندی زانکۆی جۆرج تاون

FOCUS

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا، نێوەندگیرەکان کاریان لەسەر دامرکاندنەوەی ئەو ناکۆکییە توندە کردووە، کە بەم دواییانە لە هەرێمی «ناگۆرنی قەرەباخ» هاتوونەتە ئاراوە. بە چاوپۆشین لەوەی ئایا ڕێککەوتنی ڕاگرتنی شەڕ هێندە درێژە دەکێشێت و توانای لەخۆگرتنی بێ متمانەییەکانی هەیە یان نا، بەڵام دەرهاویشتەی شەڕەکە سنووری زیانە ماڵی و گیانییەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجانی تێپەڕاندووە. فۆکەسی ململانێکە لەسەر هەرێمەکە لە ڕوسیا و ئێران و تورکیا چڕبۆتەوە، بەوجۆرەش ئەم ڕووداوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر خواستە هەرێمییەکانی ڕوسیا و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پێگەی لە ناوچەی دەریای قەزوینی گەورە. زیادبوونی بەرفراوانی هەر کردەیەکی دوژمنکارانە، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هەڕەشە بۆسەر تورکیا و ئێرانی دراوسێ، هەروەها بۆسەر چالاکی ئیسرائیل لە خودی ناوچەکە و ناوچە نزیکەکانی ئیسرائیل.

## پاشخان

یەکەم هەڵگیرسانی ململانێ لەسەر هەرێمی کێشە لەسەری ناگۆرنی قەرەباخ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت. ئەرمەنەکان زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەیان پێکهێناوە کە دەکەوێتە کۆماری ئازەربایجانەوە، دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ساڵانی نێوان 1992-1994 جەنگ لەنێوان دوو دەوڵەتە تازەکەدا (ئەرمینیا و ئازەربایجان) هەڵگیرسا، ئەمەش بە پاڵنەری کۆنترۆڵکردنی ناگۆرنی قەرەباخ، ئەم جەنگە کوژرانی نزیکەی 30 هەزار کەسی لێکەوتەوە و نزیکەی ملیۆنێک ئاوارەش بێ ماڵ و جێگە بوون. زۆرینەی ئاوارە و پەنابەرەکان ئازەربایجانی بوون -ژمارەیان نزیکەی 860 هەزار بوو-، ئەرمینیا هەر بە کۆنترۆڵکردنی ناگۆرنی قەرەباخەوە نەوەستا، بەڵکو دەستیگرت بەسەر حەوت ناوچەی دیکەی ئازەربایجاندا، ئەمەش لای خۆیەوە بووە مایەی وەدەرنانی دانیشتوان لەو ناوچەیەی لە رابردوودا بە ناوچەی چڕی دانیشتوان ناسرابوو.

سەرەڕای ئەوەی هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناگۆرنی قەرەباخ بە خاکی ئازەربایجان دادەنێت، بەڵام ئەرمینیا وەک کیانێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دانیان بە سەربەخۆیی ئەم «کیان»ەدا نەناوە، کە هێزە نیزامییەکانی ئەرمینیا سەردەمانێکە لەسەر خاکەکەی بڵاوبوونەتەوە، هاوکات سیستەمێکی سنووریی [راستەقینە] بوونی نییە کە لە ئەرمینیای جودابکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش هەردوولایان هەمان دراو و هەمان سیستەمی پۆستە بەکاردەهێنن، هەروەک چۆن سەرۆکی ئێستا و پێشووتری ئەرمینیا، نەوەی ناگۆرنی قەرەباخ بوون. لە گوتارێکیدا لە ساڵی 2015 سەرۆکی ئەرمینیا (سرژ سەرگسیان) هەرێمەکەی بە «بەشێکی جیانەکراوە لە ئەرمینیا» وەسفکرد.

لە هەمان کاتدا مۆسکۆ چەک بە هەردوولا دەفرۆشێت. ئەو ملیاران دۆلارەی لە میانەی ساڵانی دواییدا ئازەربایجان داویەتی لەپێناو ئەو چەکانەدا کە نێردراون بۆ باکۆی پایتەخت، بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداربوون لە بەهێزکردنی پێگەی ئەو وڵاتە، ئەوەش وەهای لە ئەرمینیا کردووە زیاتر پشت بەو دڵنیاییە شاراوانە ببەستێت کە رووسیا پێشکەشیان دەکات. لای خۆیەوە کریملینیش لەنێو کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا گەورەترین نفوزی لە ئەرمینیا هەیە، ئەوەش بەهۆی بوونێکی گەورەی سەربازی ئەو وڵاتە لە ئەرمینیا و کۆنترۆڵکردنی دیارترین دەروازەکانی وزە و ژێرخانە ئابوورییەکانی دیکە.

کریملینیش لەنێو کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا گەورەترین نفوزی لە ئەرمینیا هەیە، ئەوەش بەهۆی بوونێکی گەورەی سەربازی ئەو وڵاتە لە ئەرمینیا و کۆنترۆڵکردنی دیارترین دەروازەکانی وزە و ژێرخانە ئابوورییەکانی دیکە

## بەریەککەوتنە هەنووکەییەکان

لای خۆیانەوە هەردوو حکومەتی باکۆ و یەریڤان هەریەکەیان بەرامبەرەکەی تۆمەتبار دەکات بە سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە (2ی نیسانی 2016)، کە بە هەرە توندترین بەریەککەوتنەکان دادەنرێت کە ئەم ململانێیە لەدوای کۆتاییهاتنی یەکەم جەنگەوە لە ساڵی 1994ەوە بەخۆیەوە بینیوە. لەم نێوەندەدا مۆسکۆ سوودمەندی یەکەمە لە بەرزبوونەوەی رادەی کردە سەربازییەکان. شەڕکردن راستەوخۆ دوای ئەوە دەستیپێکرد کە هەردوو سەرۆکی ئەرمینیا و ئازەربایجان بەشداریی کۆبوونەوەی لوتکەی ئاسایشی ئەتۆمییان کرد لە واشنتۆن، کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (جۆن کیری) بەجیا لەگەڵ گشت سەرکردەکان کۆبۆوە بە مەبەستی

گفتوگۆکردن لەسەر توانای گەیشتنە چارەسەرێک بۆ ئەو ململانێیەی کە ماوەیەکی درێژە بە هێواشی لە تەشەنەسەندندایە. جێگەی ئاماژەیە کە سەردانی سەرۆکی ئازەربایجان (ئیلهام عەلییێڤ) بە رووداوێکی گرنگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی یەکەم سەردانی بوو بۆ واشنتۆن لەدوای وەرگرتنی کورسی سەرۆکایەتی لە ساڵی 2003. سەرەڕای کۆبوونەوەی لەگەڵ جۆن کیری، چەندین کۆبوونەوەی دووقۆڵیشی لەگەڵ هەریەکە لە جێگری سەرۆکی ئەمریکا (جۆ بایدن) و وەزیـری بازرگانیی ئەمریکا (بینی بریتزکەر) و چەند کەسێکی دیکە ئەنجامدا. لە سەردانەکەدا بەڵێندرا بە توندکردنەوەی هاریکاریی نێوان هەردوو حکومەتی واشنتۆن و باکۆ دوای دوو ساڵ لە پەیوەندییە شڵۆقەکانی نێوانیان.

بەڵام کاتی نوێبوونەوەی ئەو شەڕە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا – لەدوای سەردانەکەی واشنتۆن و لە کاتی بوونی عەلییێڤ لە دەرەوەی وڵات- بە شێوەیەکی بەهێز ئاماژەیە بۆئەوەی کە بە هاندانی روسیا روویداوە. ئەگەر ئەوە راست بێت، پەیامەکە روونە، ئەویش بریتییە لە دەستتێوەرنەدانی واشنتۆن لە کاروباری تایبەتی روسیا و ئەگەری ئەوە هەیە ئەمەش وەهای لە حکومەتی باکۆ کردبێت کە بە وردی و کامڵی بیربکاتەوە پێش ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا توندبکاتەوە.

جگە لەوەش سەرەڕای هەوڵ و بانگەشەکانی روسیا بۆ بینینی رۆڵی دروستکەری ئاشتی، روسیا بە ئاشکرا هەستا بە تۆمەتبارکردنی ئازەربایجان بە دەستپێشخەریی لە هەڵگیرسانی شەڕدا. وتەبێژی فەرمیی بە ناوی «رێکخراوی پەیماننامەی ئاسایشی دەستەجەمعی» کە روسیا سەرۆکایەتی دەکات، رایگەیاند کە «ئەو کردەوانەی لە ئێستادا ئازەربایجان ئەنجامیاندەدا بوونەتە مایەی هەڵچوونی هەڵوێست و ململانێکان». ئەم پەیامە دەنگۆیەکی بەرفراوانی هەبوو لەو میدیا روسییانەی لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێن، بەجۆرێک ئاژانسی «تاس»ی فەرمی باس لەوە دەکات کە ئەم شەڕە پاڵی بە مۆسکۆوە ناوە بۆ دانانن بە ناگۆرنی قەرەباخدا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەمەش بیرخەرەوەی ئەو ئەنجامەیە کە ساڵی 2008 جەنگی نێوان جۆرجیا و روسیای پێ کۆتاییهات، کاتێک روسیا دانینا بە هەریەکە لە ئەبخازیا و ئۆسێتیای باشووردا وەک دوو دەوڵەتی سەربەخۆ.

## مامەڵەی دوژمنکارانەی روسیا

رووی لێکچووی نێوان ئەو هـەرا گـەورەیـەی رابــردوو و پێکداهەڵپژانەکانی ئێستا گەلێک دیارن. لە هاوینی ئەو ساڵەدا سەرۆکی روسیا فشاری خستەسەر ژمارەیەک لە وڵاتانی دراوسێ، بۆئەوەی نەچنە ناو «پەیماننامەی هاوبەشێتیی خۆرهەڵات»ەوە، کە بە چاودێریی یەکێتیی ئەوروپا گرێدرابوو، بەڵکو لەبری ئەوە بچەنە ناو «یەکێتیی گومرگی ئۆراسیا»ی سەر بە روسیاوە. پاش گوێڕایەڵبوونی ئەرمینیا بۆ داواکەی روسیا، پۆتین هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ گەیشتنە رێککەوتنێکی هاوشێوە لەگەڵ ئازەربایجانیشدا، بەڵام سەرۆک عەلییێڤ داواکەی رەتکردەوە. پاش چەند رۆژێک و لەو دەمەی عەلییێڤ و وەزیری بەرگریی ئازەربایجان لە دەرەوەی وڵات بوون، لە چوار ناوچەی سەر سنووری نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجانەوە گرژییەکی بێپێشینە هاتەئاراوە، لەنێویاندا چەند ناوچەیەک کە سەر بە هەرێمی ناگۆرنی قەرەباخیش نەبوون، ئەوەش کوژرانی زیاتر لە 40 کەسی لێکەوتەوە لە هەردوولا. ئەوەی زیاتر لە گشت شتێک لەم رێڕەوە مێژووییەدا دەبێتە مایەی دوودڵیی، ئەوەیە کە هەر دەوڵەتێکی سەر بە سۆڤیەتی پێشوو هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دابێت لەگەڵ خـۆرئـاوادا، خاکێکی گرنگی لەدەستداوە لە بەرژەوەندیی روسیا. بۆ نموونە کاتێک جۆرجیا لە ساڵی 2008 هەوڵیدا پەیوەندی بکات بە پەیمانی باکووری ئەتڵانتیک (نـاتـۆ)وە، «ئەبخازیا» و «ئۆسێتیای بـاشـوور»ی لەدەستدا. پاش پەیوەندیکردنی ئۆکرانیا و مۆلدۆڤیا بە «رێککەوتننامەی هاوبەشێتیی خۆرهەڵات»ەوە، روسیا دەستیگرت بەسەر نیمچە دورگەی قرم و هەندێک لە بەشەکانی خۆرهەڵاتی ئۆکرانیا و لەژێردەستی حکومەتی کیێڤدا دەریهێنا، پاشان بڵاوبوونەوەی خۆی لە ناوچەی «ترانسنیستریا»ی مۆلدۆڤا تۆخکردەوە کە لەمڕۆدا داگیریکردووە.

## دەرهاویشتەکانی لەسەر تورکیا و ئێران و ئیسرائیل

ئەم گرژییە هەنووکەییەی ئێستا دەتوانێت لایەنی دیکەی چالاک لە دەرەوەی قەفقاز تێوەبگلێنێت، لەنێویاندا خۆرهەڵاتی

ناوەڕاست. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، هاوپەیمانێتییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان ئەرمینیا و روسیادا، کە روسیا هێزەکانی لە ئەرمینیا بڵاوکردۆتەوە و بەرگریە ئاسمانییەکانی بەڕێوەدەبات. هەروەها بەم دواییانە پەنایبردە بەر زیادکردنی هێزەکانی لە شارۆچکەی «گیومری»ی ئەرمینیا کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا و دەچێتە خانەی هاوپەیمانیی سەربازیی ئازەربایجانەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە هەریەکە لە تورکیا و روسیا هەنگاوی پێویست بنێن بۆ دوورخستنەوەی پێکدادانی راستەوخۆ لەنێوان هێزەکانیاندا، بەڵام نزیکیی جوگرافیی نێوان ئەم دوو رکابەرە لە کاتێکدا کە شەڕ لەنێوان هاوپەیمانەکانیان لەئارادایە، دەشێت ببێتە مایەی بەریەککەوتنی بێ مەبەست لەنێوانیاندا.

بەهەمان شێوە سەبارەت ئێرانیش کە سنوورێکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئەرمینیا و ئازەربایجان و دەکەوێتە نزیک هێڵی پێکدادانەکان، بەڵام هەتاوەکو ئێستا جگە لە چەند داواکارییەکی بێلایەنانە لە هەردوولا بۆ «ئارامگرتن»، هیچی دیکە لە ئێران نەبیستراوە، وەزیری دەرەوەی ئێرانیش (محەمەد جەواد زەریف) دەستپێشخەری نواندووە بۆ نێوەندگیریی لە ململانێکەدا. سەرەڕای بوونی پاشخانێکی هاوبەشی شیعیی لەگەڵ ئازەربایجان، بەڵام بە گشتی تاران هیچ هاوسۆزی و پاڵپشتییەکی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا نییە، جێگەی باسیشە کە لەدوای دەستپێکردنی شەڕی ئەم جارەوە، بە کەوتنی گوللە هاوەنێک بۆناو خاکی ئێران، دەرکەوت کە چەند بە ئاسانی دەکرێت ئەم ناکۆکییە تەشەنە بکات.

جیا لەوانەش ئەم دۆخە لێڵە تاقیکردنەوە و پێشهاتی ئەمنیی نوێ دەخەنە بەردەم ئیسرائیل، کە یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین چەکی داوە بە ئازەربایجان. بەوپێیەی ئەگەری زۆر هەیە ئەو چەکانە لە شەڕەکەی ئێستادا بەکاربهێندرێن، روسیا دەتوانێت فشار بخاتە سەر ئیسرائیل بۆ دانانی سنوورێک بۆ ناردنی پارچەی ئامێرەکان و کەرەستەی زیاتر. پێشتر مۆسکۆ سەرکەوتوو بووە لە سەپاندنی فشاری لەم شێوەیە لە میانەی ئەو شەڕەی لەگەڵ جۆرجیادا روویدا لە ساڵی 2008. راستە هێزەکانی روسیا ئەم جارە بە شێوەیەکی راستەوخۆ تێوەنەگلاون، بەڵام ئێستا لە هەگبەی کریملندا چەندین هۆکاری دیکەی فشار بۆسەر ئیسرائیل هەن، بەوپێیە روسیا دەستتێوەردانێکی بەردەوامی هەیە لە کاروباری سوریای دراوسێی ئیسرائیلدا.

## ئەگەری روودانی کوشتاری زیاتر

لە 5ی نیساندا و پاش ئەوەی مۆسکۆ میوانداریی هەردوو سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجانی کرد، رێککەوتنێکی فەرمی راگەیەندرا بۆ راگرتنی شەڕ. لە ئێستادا نێوەندگیرەکان لە وڵاتانی جیاجیاوە، خەریکی ئەنجامدانی مانۆڕن بۆ رۆڵ بینین لە دانوستانی دیکەدا. سەرۆک وەزیرانی روسیا (دیمیتری میدڤیدیڤ) لە (7ی نیسانی 2016)دا لەگەڵ سەرانی ئەرمینیا لە یەریڤان گفتوگۆی لەسەر ئەم پرسە کرد و رۆژی دواتریش گەشتیکرد بۆ باکۆ (جێی باسە کە هەردوو سەردانەکە پێشتر و بەر لە هەڵگیرسانی ئەم خولەی شەڕ، بڕیاریان لەسەر درابوو).

چەند هۆکارێک هەن پاڵ بە هەردوولاوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی شەڕ. ئازەربایجان لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا و لەسەر زەمینەی واقیع توانی دۆخی باڵادەست بە ئاراستەی بەرژەوەندیی خۆیدا بگۆڕێت، هەربۆیە چاوەڕواندەکرێت ئەرمینیا هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانەوەی شوێنەکانی پێشووتری، کە لای خۆشیوە هێزەکانی ئازەربایجان بەرووی ئەم جۆرە پرۆسانەدا دەوەستێتەوە. لە باشترین دۆخەکاندا، ئەگەری ئەوە هەیە نێوەندگیرەکان سەرکەوتوو نەبن لە بەدیهێنانی کاتی زیادکراو پێش خولی داهاتووی شەڕەکە.

**سەرچاوە: پەیمانگای واشنتۆن**

http://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/fighting-in-the-caucasus-implications-for-the-wider-region